# گۆرانی گۆرانییەکان

1
[1] گۆرانی گۆرانییەکان، کە هی سلێمانە.

**خۆشەویست**

[2] با ماچم بکات بە ماچەکانی دەمی،
چونکە لە شەراب خۆشترە ئەوینی تۆ.
[3] بۆ بۆنی عەترە خۆشەکەت،
ناوت عەتری پرژاوە،
بۆیە پاکیزەکان تۆیان خۆشدەوێ.
[4] بەدوای خۆتدا پەلم بگرە، ڕادەکەین،
پاشا منی هێنایە ناو ژوورەکەی خۆی.

**هاوڕێیەکان**

شاد و دڵخۆش دەبین پێت،
یادی ئەوینی تۆ دەکەینەوە زیاتر لە شەراب.

**خۆشەویست**

بە ڕاستی تۆیان خۆشدەوێ.

[5] من ئەسمەر و جوانم،
ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
وەک ڕەشماڵەکانی قێدار،
وەک پەردەکانی سلێمان.
[6] تەماشام مەکەن کە من ئەسمەرم،
ئەوە خۆر لێی داووم.
کوڕانی دایکم لە من تووڕە بوون،
منیان کرد بە چاودێری ڕەزەمێوان،
کەچی ڕەزەمێوی خۆمم چاودێری نەکرد.
[7] پێم بڵێ ئەی خۆشەویستی گیانم،
لە کوێ مێگەلی خۆت دەڵەوەڕێنیت،
لە کوێ موڵ دەدەیت کاتی نیوەڕۆ،
چونکە بۆچی وەک پەچەکراوێک بم،
لەلای مێگەلی هاوڕێیەکانت؟

**هاوڕێیەکان**

[8] ئەگەر نازانیت
ئەی جوان لەنێو ئافرەتان،
بە شوێن پێی مەڕاندا دەرچۆ و
کارەبزنەکانت بلەوەڕێنە
لەلای جێنشینی شوانەکان.

**ئەویندار**

[9] بە ماینێک لە گالیسکەکانی فیرعەون
لێکم چوواندی ئازیزەکەم،
[10] گۆنات جوانە بە خشڵەوە

گەردەنت بە گەردەنەوە،
11 خشڵی زێڕت بۆ دەکەین،
لەگەڵ نقێمی زیو.

**خۆشەویست**

12 تا پاشا لە کۆڕی خۆیەتی،
ناردینی من بۆنی خۆی بڵاو دەکاتەوە.
13 چەپکێ مورە ئەویندارەکەم
لەنێو مەمکانم شەو بەسەردەبات.
14 هێشووی خەنەیە ئەویندارەکەم
لەناو ڕەزەکانی کانی گەدی.

**ئەویندار**

15 ئەوەتا تۆ جوانیت یارەکەم،
ئەوەتا تۆ جوانیت، چاوەکانت دوو کۆترن.

**خۆشەویست**

16 ئەوەتا تۆ جوانیت ئەویندارم، شیرینیت
نوێنەکەمان سەوزە.

**دڵدار**

17 کاریتەی خانووەکەمان دارئورزە،
تەختەدارەکانی سەروون.

**خۆشەویست**

## 2

1 من گوڵاڵە سوورەی شارۆن و
سەوسەنی دۆڵانم.

**ئەویندار**

2 وەک سەوسەن لەناو دڕکوداڵ
ئاوایە یارەکەم لەناو کچان.

**خۆشەویست**

3 وەک سێو لەناو دارەکانی دارستان
ئاوایە ئەویندارەکەم لەناو کوڕان.
لە سێبەرەکەی ئارەززوم کرد و دانیشتم
بەروبوومەکەی شیرین بوو بۆ دەمم.
4 منی بردە ناو شەراب خانەکەی،
ئاڵای ئەو بەسەرمەوە خۆشەویستییە.
5 بە نانە مێوژ هێزوگوڕم پێ ببەخشن،
بە ئاوی سێو بمگەشێننەوە،
چونکە من نەخۆشی خۆشەویستیم.
6 دەستی چەپی لە ژێر سەرمە و
دەستی ڕاستی لە ئامێزم دەگرێت.
7 سوێندتان دەدەم
ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
بە ئاسک یان بە کەڵە کێوی دەشتودەر،
کە خۆشەویست هەڵنەسێنن و بە ئاگای نەهێنن
تا خۆی حەز دەکات.

8 دەنگی ئەویندارەکەم
ئەوەتا ئەو دێت
بەسەر چیاکان‌دا هەڵدەبەزێتەوە
بەسەر گردەکان‌دا باز دەدات.
9 ئەویندارەکەم وەک ئاسکە
یان وەک بەچکەی کەڵە کێوی،
ئەوەتا ڕاوەستاوە
لەپشت دیوارەکەمانەوە
لە دەلاقەوە سەیر دەکات
لە پەردەی پەنجەرەوە تەماشا دەکات.
10 ئەویندارەکەم وەڵامی دامەوە، پێی وتم:
(هەستە یارەکەم،
شیرینەکەم وەرە.
11 چونکە ئەوەتا زستان تێپەڕی
باران بەسەرچوو و نەما.
12 گوڵ لەسەر زەوی دەرکەوت
ئێستا کاتی گۆرانییە
دەنگی کوکوختی دەبیسترێت لە زەوییەکەمان
13 هەنجیر بەری گرتووە،
بۆنی بەرسیلەی مێو بڵاو بۆتەوە.
هەستە یارەکەم،
شیرینەکەم وەرە.)

**ئەویندار**

14 کۆترەکەم لەناو کەلەبەری هەڵدێرەکان
لە پەناگای بنارەکان
ڕووخساری خۆتم پیشان بدە
وابکە دەنگت ببیستم
چونکە دەنگت ناسکە
ڕووخسارت شیرینە!
15 ڕێوییەکانمان بۆ ببەن،
ڕێوییە بەچکەکان،
ڕەز تێکدەرەکان
چونکە ڕەزەکانمان بەرسیلەیان کردووە

**خۆشەویست**

16 ئەویندارەکەم بۆ منە و منیش بۆ ئەوم
لەناو گوڵە سەوسەکان دەلەوەڕێت
17 بەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێت و
تاریکی بڕەوێتەوە
بگەڕێوە، وەک ئاسک بە ئەویندارەکەم
یان بەچکە کەڵە کێوی
لەسەر (چیای ڤەتەر)[a].

## 3

1 شەوان لەسەر نوێنەکەم
داوای ئەو کەسە دەکەم کە گیانم خۆشی دەوێت
داوام کرد و دەستم نەکەوت.
2 هەڵدەستم ئێستا و بەناو شاردا دەسووڕێمەوە
بەناو شەقام و گۆڕەپانەکان‌دا
داوای ئەو کەسە دەکەم کە گیانم خۆشی دەوێت
داوام کرد و دەستم نەکەوت.
3 تووشی ئێشکگرەکان دەبم
ئەوانەی بەناو شاردا دەسووڕێنەوە،
(ئایا نەتان بینیوە ئەوەی گیانم خۆشی دەوێت؟)
4 ئەوەندە نەبوو لێیان تێپەڕیم
تاکو بینیمەوە ئەوەی گیانم خۆشی دەوێت،

[a](چیای ڤەتەر): دەشێت ناوی چیاکان بێت یان چیاکان دابەشکراون.

گرتم و بەرم نەدا،
تاکو بردمە ماڵی دایکمەوە
بۆ ژووری ئەو کەسەی بە من سک پڕبوو.
5 سوێندتان دەدەم
ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
بە ئاسک یان بە کەڵەکێوی دەشتودەر،
کە خۆشەویست هەڵنەسێنن و بەئاگای نەهێنن
تا خۆی حەزدەکات.
6 ئەوە کێیە لە چۆڵەوانییەوە بەدەرکەوت،
وەک ستوونی دووکەڵ؟
بە موڕ و بخووڕ بۆنخۆشکراوە
بە هەموو بۆنوبەرامێکی بازرگانان.
7 ئەوەتا قەنەفەکەی سلێمانە،
شەست پاڵەوان دەوریان داوە
لە پاڵەوانەکانی ئیسرائیل
8 هەموو شمشێر بەدەستن،
شارەزای جەنگن
هەریەکە و شمێرەکەی بە لاڕانییەوەیە
لەبەر ترسی شەو.
9 کەژاوەیەکی بۆ خۆی دروستکرد سلێمان پاشا
لە دراری لوبنان.
10 ستوونەکانی لە زیو دروستکرد،
کاریتەکانی لە زێڕ،
دۆشەکەکەی ڕەنگی ئەرخەوانی،
ناوەکەی چنراو بە ئەوینی
کچانی ئۆرشەلیم.
11 دەرچن و ببینن، کچانی سییۆن،
سلێمان پاشا بەو تاجەوە
کە دایکی لەسەر سەری نا
لە ڕۆژی زەماوەندیا
لە ڕۆژی شادی دڵی.

**ئەویندار**

# 4

1 ئەوەتا تۆ جوانیت یارەکەم
ئەوەتا جوانیت، چاوەکانت دوو کۆترن
لەپشت پەچەکەتەوە،
قژت وەک ڕانە بزنە
لە کێوی گلعاد مۆڵ بووە.
2 ددانەکانت وەک ڕانە مەڕی بڕاوەیە
لە شوشتن دەرچووە
هەموویان جمکن
نەزۆک کوا لەناویاندا؟
3 وەک ڕیسی ئاڵە لێوەکانت،
دەمت شیرینە
وەک لەتە هەنارە گۆنات
لەپشت پەچەکەتەوە.
4 وەک قوللەی داودە گەردەنت
بۆ چەک بنیادنراوە،
هەزار قەڵغانی پێوە هەڵواسراوە،
سپەری هەموو پاڵەوانەکان.
5 دوو مەمکەکەت وەک دوو کارمامزن
جمکی ئاسکن،
لەناو مێرگی سەوسەن‌دا دەلەوەڕێنن.
6 بەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێت و
تاریکی بڕەوێتەوە
بۆ خۆم دەڕۆم بۆ کێوی موڕ و
بۆ گردی بخوور.
7 هەر هەمووت جوانە یارەکەم،
کەموکوڕی کوا لە تۆدا؟

8 لەگەڵ من لە لوبنانەوە، بوکێ،
لەگەڵ من لە لوبنانەوە وەرە.

لەسەر لووتکەی (ئەمانا)وە بڕوانە
لە سەری سنیرەوە کە لووتکەی حەرمۆنە،
لە لانەی شێرانەوە،
لە چیای پڵینگانەوە.
9 دڵت ڕفاندم ئازیزم، بوکێ،
دڵت ڕفاندم بە نیگایەکی چاوەکانت،
بە گەردەنەیەکی گەردەنت.
10 چەند جوانە ئەوینت، ئازیزم بووکێ،
ئەوینت چەند لە شەراب خۆشترە،
بۆنی عەترەکەشت
لە هەموو بۆنوبەرامێک.
11 لێوەکانت شانەی هەنگوونییان لێ دەتکێت، بووکێ،
شیر و هەنگوین لە ژێر زمانتە!
بۆنی جل وبەرگت
وەک بۆنی لوبنانە.
12 باخچەیەکی داخراوە! ئازیزم بوکێ،
سەرچاوەیەکی داخراوە،
کانییەکی مۆرکراوە!
13 نەمامەکانت باخی هەنارن
لەگەڵ بەروبوومی هەڵبژاردە
خەنە و ناردین.
14 ناردین و کارکۆم[b]،
قامیشی شەکر و دارچین
لەگەڵ هەموو جۆرە دار بخوورێک.
موڕ و ئەلوا
لەگەڵ هەموو بۆنوبەرامەکان.
15 سەرچاوەی باخەکان،
بیری ئاوی زیندوو،
لێشاوە لە لوبنان دێتە خوارێ.

**خۆشەویست**

16 هەستە، ئەی بای باکوور،
وەرە، ئەی بای باشوور!
بەسەر باخچەکەم هەڵکە،
با بۆنوبەرامی بڵاوبێتەوە،
با ئەویندارەکەم بۆ باخچەکەم بێت
با بەروبوومە هەڵبژاردەکەی بخوات.

**ئەویندار**

# 5

1 هاتمە ناو باخچەکەمەوە، ئازیزم بووکێ،
موڕ و بۆنوبەرامی خۆم دەچنمەوە،
شانەی هەنگوین و هەنگوینی خۆم خوارد،
شەراب و شیری خۆم خواردەوە.

**هاوڕێیەکان**

بخۆن یارانم،
بخۆنەوە و مەست بن ئەویندارانم.

**خۆشەویست**

2 من خەوتووم و دڵم بێدارە!
دەنگی ئەویندارەکەمە لەدەرگا دەدات،
(دەرگام بۆ بکەوە، ئازیزم یارم،
کۆترەکەم، ئەی تەواوەکەم،
سەرم پڕ خوناو بووە

---

[b] ئەو گوڵەیە کە ڕەگەکەی زەردەچەوەی لێ دروست دەکرێت.

ئەگریجەم پڕ شەونم.)
3 دامکەندووە جلم، چۆن بیکەمەوەبەر؟
پێیەکانم شوشتوون، چۆن پیسیان بکەم؟
4 ئەویندارەکەم لە کونیدەرگاوە دەستی درێژکرد،
هەناوم بۆی ڕاچەنی.
5 هەڵستام تا دەرگا لە ئەویندارەکەم بکەمەوە،
دەستەکانم موڕیان لێ دەچۆڕا،
پەنجەکانم موڕی شل
لەسەر دەسکی داخەرەکە.
6 دەرگام بۆ ئەویندارەکەم کردەوە،
بەڵام ئەویندارەکەم بایدابۆوە و ڕۆیشتبوو،
گیانم بەدوای ئەودا دەرچوو
بە دوای‌دا گەڕام و نەمدۆزییەوە.
بانگم کرد وەڵامی نەدامەوە.
7 تووشی ئیشکگرەکان دەبم
ئەوانەی بەناو شاردا دەسووڕێنەوە،
لێیان دام و بریندایان کردم،
چارۆکەکەمیان لەبەرم داکەند،
پاسەوانانی شوورەکان
8 سووێنتان دەدەم
ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
ئەگەر تووشی ئەویندارەکەم بوون
ئەمی پێ بڵێن،
کە من نەخۆشی خۆشەویستیم.

**هاوڕێیەکان**

9 ئەویندارى تۆ چی زیاترە لە ئەوینداران
ئەی جوانی نێو ئافرەتان؟
ئەویندارى تۆ چی زیاترە لە ئەوینداران
تا ئاوا سوێندت داین؟

**خۆشەویست**

10 ئەویندارەکەم خوێن گەرم و ئەسمەرە،
لەناو دە هەزار کەس‌دا دیارە.
11 سەری زێڕی بێگەردە
زولفەکانی بەرداوەتەوە،
ڕەشن وەک قەلەڕەش.
12 چاوەکانی وەک کۆترن
لەسەر جۆگەی ئاوەکان،
بە شیر شۆراون
دانیشتوون لە جێی خۆیان.
13 گۆناکانی وەک نوێنی بۆندارە،
گۆللی ڕەیحانە.
لێوەکانی سەوسەنن،
موڕی شلیان لێ دەچکێت.
14 دەستەکانی لوولەی زێڕن،
ڕازاونەتەوە بە زەبەرجەد،
لەشی عاجی تاشراوە
بە بەردی یاقووتی شین[c] پێچراوەتەوە.
15 قاچەکانی ستوونی مەڕمەڕن،
لەسەر دوو بنکەی زێڕی بێگەرد دامەزراون.
ڕوخساری وەک لوبنانە،
هەڵبژاردە وەک ئورز.
16 دمی شیرینە
هەمووی بەتامە،
ئەمە ئەویندارەکەمە، ئەمە یارەکەمە،

---

[c] یاقووتی شین: دەشێت لاجیوەرد بێت.

ئەی کچانی ئۆرشەلیم!

**هاوڕێیەکان**

## 6

1 ئەویندارەکەت بۆ کوێ چوو
ئەی جوانی نێو ئافرەتان؟
ئەویندارەکەت ڕووی لە کوێ کرد
تا لەگەڵتدا بەدوای بگەڕێین؟

**خۆشەویست**

2 ئەویندارەکەم دابەزیە ناو باخچەکەی
بۆ ناو نوێنی بۆنوبەرام،
تا مێگەلی خۆی لەناو باخچەکاندا بلەوەڕێنێت
تا سەوسەن کۆبکاتەوە.
3 من بۆ ئەویندارەکەمم و ئەویندارەکەم بۆ منە،
مێگەلی خۆی لەناو سەوسەندا
دەلەوەڕێنێت.

**ئەویندار**

4 تۆ جوانی یارەکەم وەک تیرزە[d]،
شیرینی وەک ئۆرشەلیم،
ترسناکی وەک لەشکرە بە ئاڵاکان.
5 چاوەکانت لەسەر من لادە،
چونکە دەمتۆقێنن.
قژت وەک ڕانە بزنە
لە گلعاد مۆڵ بووە.
6 ددانەکانت وەک ڕانە مەڕێکن
لە شوشتن دەرچووە
هەموویان جمکن
نەزۆک کوا لەناویاندا؟
7 وەک لەتە هەنارە گۆنات
لەپشت پەچەکەتەوە.
8 شەستن شاژنەکان و
هەشتان کەنیزەکان و
پاکیزەکانیش نایەنە ژمارە.
9 یەکێکە کۆترەکەم، تەواوەکەم،
تاقانەی دایکییەتی،
نازدارەکەی ئەوەی بوویەتی.
کچ بینییان خۆزگەیان پێ خواست
شاژنەکان و کەنیزەکان ستایشیان کرد.

**هاوڕێیەکان**

10 ئەوە کێیە سەری هەڵهێنا وەک بەرەبەیان،
جوانە وەک مانگ،
بێگەردە وەک ڕۆژ،
ترسناک وەک لەشکرە بە ئاڵاکان؟

**ئەویندار**

11 بۆ ناو باغی دارگوێزان دابەزیم
بۆ بینینی خونچەکانی دۆڵ،
تا ببینم ئاخۆ گوڵی کردووە مێو،
پشکووتوە هەنار.
12 پێش ئەوەی بزانم

---

[d] تیرزە: ناوی شانشینێک بوو. بڕوانە یەشوع 12: 24.

گیانم لەناو گالیسکەکانی پاشایەتی گەلەکەم داینام.

### هاوڕێیەکان

13 بگەڕێوە، بگەڕێوە ئەی شولەمیتی[e]،
بگەڕێوە، بگەڕێوە، تا سەیرت بکەین!

### ئەویندار

بۆچی سەیری شولەمیت دەکەن
وەک سەمای مەحەنەیم[f]؟

## 7

1 چەند جوانە پێیەکانت لەناو سۆل[g]
ئەی کچی میر!
کەوانی ڕانت وەک خشڵە
دەستکردی دەستی وەستایە.
2 ناوکت جامێکی خڕە
لێی کەم نابێت شەرابی تێکەڵاو،
ناوقەدت خەرمانی گەنمە
بە سەوسەن پەرژین کراوە.
3 جووتە مەمکت وەک دوو کارمامزن
جمکەی ئاسکن.
4 گەردەنت قوللەیەکی عاجە
چاوەکانت وەک گۆمن لە حەشبۆن
لەبەردەم دەروازەی (بەت ڕەبیم).
لووتت وەک قوللەی لوبنانە
ڕووەو دیمەشق دەڕوانێت.
5 سەرت وەک کێوی کارمەلە بەسەرتەوە و
پرچی سەرت ئەرخەوانییە،
پاشا بەندی ئەگریجەکانە.
6 چەن جوان و چەند شیرینیت
ئەی خۆشەویست، خۆشی بە تۆوەیە!
7 ئەم بەژنەت لە دارخورما دەچێت،
مەمکەکانت لە هێشوو.
8 وتم، "سەر دارخورما دەکەوم و
خۆم بە چڵەکانیەوە دەگرم."
مەمکەکانت وەک هێشووی مێو دەبن،
بۆنی هەناسەت وەک سێو،
9 مەلاشووت وەک شەرابێکی خۆشە.

### خۆشەویست

بۆ ئەویندارەکەم یەکسەر دەڕژێت
بەنەرمی بەسەر لێوی نووستوان.
10 من بۆ ئەویندارەکەمم و
بۆ منە پەرۆشی ئەو.
11 وەرە ئەویندارەکەم، بۆی دەرچین بۆ کێڵگە
و
لە گوندەکان شەو بەسەر ببەین،
12 بەیانی زوو بگەینە سەر مێوەکان
ببینین ئاخۆ مێو گوڵی کردووە
بەرسیلەکان کراونەتەوە
هەنار گوڵی کردووە؟

---

[e] ناوی ناوچەیە.

[f] مەحەنەیم: ناوی شارێک بوو لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون. بڕوانە پەیدابوون 32: 2.

[g] سۆل: عیبری: (نەعال).

لەوێ پێتی دەبەخشم، ئەویندارییی خۆم.
13 گیائادەمە[h] بۆن بڵاو دەکاتەوە،
لەبەر درەگاکەشمان هەموو بەتامێک هەیە،
نوێیەکان هەروەها کۆنەکان
ئەویندارەکەم بۆ تۆم هەڵگرتووە.

# 8

1 بریا وەک برا بای بۆم
شیرخۆری مەمکی دایکم
لە دەرەوە تووشت دەهاتم و ماچم دەکردیت
بەبێ ئەوەی ڕیسوابم،
2 دەم بردیت و دەم هێنایت
بۆماڵی دایکم، فێرم دەکەیت،
شەرابی تێکەڵاوم دەرخواردەدای،
لە خۆشاوی هەنارەکەم.
3 دەستی چەپی لە ژێر سەرمە و
دەستی ڕاستی لە ئامێزم دەگرێت.
4 سوێندتان دەدەم
ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
کە خۆشەویستی هەڵنەسێنن و بە ئاگای نەهێنن
تا کاتی خۆی دێت.
5 ئەو کچە کێیە لە چۆلەوانییەوە دێو
باڵی بەخۆشەویستەکەیەوە داوە؟
لە ژێر دار سێوەکە بەئاگام هێنای
لەوێ دایکت بەتۆ سک پڕ بوو،
لەوێ ئەوەی تۆی بوو سکی پێت پڕ بوو.
6 بمکە بە مۆر بەسەر دڵتەوە،
بە مۆر بەسەر بازووتەوە،
چونکە خۆشەویستی وەک مردن بەهێزە،
ئیرەیی سەختە وەک جیهانی مردووان[i]،
گڕی، گڕی ئاگرە،
ئاگری زیندووە.
7 ئاوە زۆرەکان ناتوانێت
خۆشەویستی بکوژێنێتەوە،
ڕووبارەکان نوقمی ناکەن.
ئەگەر مرۆڤ هەموو سامانی ماڵەکەی
لە پێناوی خۆشەویستیدا ببەخشێت
بێ نرخ دادەنرێت.
8 خوشکێکی بچووکمان هەیە،
کوا مەمکی هەیە؟
چی بکەین بۆ خوشکمان
ئەو ڕۆژەی داخوازیکەری بێت؟
9 ئەگەر دیوار بێت، لەسەری بنیاد دەنێین
ستارەی زیو،
ئەگەر دەرگا بێت، دەوری دەدەین
بە تەختەداری ئورز.
10 من دیوارم و مەمکەکانم وەک قووللەن،
ئەوکاتە لە چاوەکانی
پەسەندی بەدی دەکەم.
11 سلێمان ڕەزەمێوێکی هەبوو
لە (بەعل هامۆن)،
ئەم ڕەزەمێوی دا بە چاودێران،
هەریەکە و لە بەروبوومەی دەیهێنێت
هەزار شاقلی[j] زیو،
12 ڕەزەمێوەکەی هی منە لەبەردەممە
هەزار شاقل بۆ تۆ سلێمان و

---

[h] بڕوانە پەیدابوون 30: 14-16.
[i] جیهانی مردووان: عیبری: شیۆل.
[j] هەزار شاقل: نزیکەی 11,5 کیلۆگرام، لێرە و لە ئایەتی 12.

دوو سەدیش[k] بۆ چاودێرانی بەروبووم،
13 ئەی دانیشتووی ناو باخچەکان!
هاوڕێیان گوێیان بۆ دەنگت ڕاگرتووە
با گوێم لێت بێت.

14 ڕاکە، ئەویندارەکەم،
لە شێوەی ئاسک بە
یان وەک بەچکەی کەڵە کێوی
بەسەر چیای بۆنوبەرامەکانەوە.

[k]دوو سەدیش: دوو سەد شاقل نزیکەی 2,3 کیلۆگرام.